### شێرزاد حەسەن، بۆ "ڕەخنەی چاودێر":

# ئەدەب پانتاییەکی گەورەترە بۆ وروژاندنی پرسیارو گومانی گەورەتر. لێمان ناگەڕێت ئارامو ئاسوودە لەتەک حەقیقەتو یەقینەکانی ناو زانستو ئایینو سیاسەتدا خەوی خۆشمان لێ بکەوێت

سازدانی: ئاسۆ هاشم

**بەشی شەشەم**

کە باڵق بووم، درەنگ لای دایکم ئاشکرام کرد، یەکەمین وانە کە پێی وتم ئەوە بوو کە لەمرۆوە هەموو کچانی گەڕەک خوشکتن، کچانی خزمو کەس.. جوانی لەوەدا بوو لای دایکم کە سەربەرز نەکەم نەبا نیگایەکی حەرامم کچە دراوسێیەک بشێوێنێت، زۆری نەبردو ئەوەندەی رست بۆم کە هەر هەموو کچانی هەولێر بوون بەخوشکم، نەدەبوو هاوینان زوو بچمە سەربان بۆ خەوتن، نەبا بەڕێکەوت ژنانو کچانی دراوسێ لەسەربان بن یان لەحەوشە، لەبارێکی نابەجێو پڕ شوورەییدا. هەرگیز لەیادم ناچێت کە لەوسەری گەڕەک ماڵێک مریشکێکی هێلکەکەری مرد، هەموو خەڵکی گەڕەک وەک ئەوەی کارەساتێک قەوما بێت، خەمیان بۆ دەخوارد، هەژاری هەمووانی کردبوو بەخوشکو برای یەکدی. سەیرە هەموو کوڕانی گەڕەک پەلەیان بوو گەورە بن، زوو کەوتنە سمێڵ تاشینو بەزۆرو بەزەبری مووس گەرەکیان بوو ردێنیان بێت، لەو رۆژگارەشدا دەبوو بەزۆر خۆشیو کەیف دەنێو نەبوونیو هەژاریدا داپچڕین، بیرمە زۆربەی مێردمنداڵو کوڕانی گەڕەک نازناوی شاعیرانەیان بەناوی خۆیانەوە نووساند بوو.. نازناوەکانیش: غەمبارو پەریشانو بێچارەو داماوو ئاوارەو دەیەها نازناو کە مانای مەینەتیو بێبەشی دەبەخشی، هەر هەموویان هەوڵیان دەدا شیعر بهۆننەوە کە پتر لەنامەی شەرمنی دڵداری دەچوو، ئەو گەڕەکە میللییە هەموو جۆرە مرۆڤو بەزمێکی تێدا بوو، هەر لەیاریکەری فتبۆڵێنو چەقۆکێشو عاشقە سیاسەتو دڵداری ئازاو شەرمنو منداڵبازو کۆرتر بازو ماکەرگێ کە هەریەکەیان بۆ خۆی پاڵەوانی داستانی تایبەت بەخۆیەتی.

کە هەنووکە ئاوڕ دەدەمەوە زۆرێک لەو کوڕانەی هاوزای خۆم بوون کوژرانو مردنو دەربەدەری شارانو وڵاتانی دیکە بوون، هەندێکیان لەزیندانەکان داڕزان، ژمارەیەکیان لەقوتابخانەو خوێندن تۆران، هەبوو عارەق خواردنەوە کوشتیو هەبوو عەشقو هەبوو بەماکەرگایین مردو دووچاری دەردێک بوو کەهیچ دختۆرێک چارەسەری بۆ نەدۆزییەوە، ئەو گەڕەکە لەو گەڕەکانە دەچوو کە وەک تەیراوەو سەیداوەو خانەقاو عەنکاوەو تەعجیلو سەعدووناوە.. چەندانێکی دیکە ڕەسەن نەبوو، دەتوانم بڵێم (کوران) گەڕەکێکی لاکەوتەو تەریکو دوورو پەراوێز کەوتوو بوو، بەکورتی گەڕەکێک بوو لەسەر پاشماوەی گەڕەکە هەژار نشینەکانی دیکە نەشو نومای دەکرد، لەپاڵ کۆچی سەدەها پاڵەو سەپانو جوتیارو گاوانو شوان کە لەگوندەکانەوە بۆ شار هاتن، بەتایبەتی لەدوای بەکۆماریبوونی عێراق، دەکرێت بوترێت مەملەکەتی سەدەها پاڵەوانی پەراوێز کەوتوو.. تەنیا... ئافەرۆز بوو کە سەدەها نووسەری دەوێت ئەو ڕۆحە تەنیاو هەڵەتەو پەراگەندانە زیندوو بکاتەوە، لەهەمووی قورستر لەوجۆرە ژینگەیەدا شەرم و ترسێک هەبوو لەدرکاندنی رازو نهێنیو ژیانی شاراوە، مڕو مۆچیو خامۆشی خەسڵەتی ژن و پیاوە هەرە توورەو برسیو سەنگینو شەرمنو غەمبارەکان بوو، ژنو پیاوی زۆر بەکەیفو قۆشمەچیو زار بەپێکەنین چەند بوونەوەرێکی نامۆو جێگەی مەترسی بوون، خەمو خامۆشی خەسڵەتی جوان بوون.. دواندنو دەرهێنانی قسەو رازو نیاز وەک ئەوە وا بوو بەرد بگوشیتو ئاوی لێ دەربێنیت، کەسێک قومێک عارەق یان شەرابی بخواردایەتەوە هی ئەوە بوو کە کەس کچی خۆی لێ مارە نەکات، لەیادمە لەدارستانەکەی (کوران) سەدەها جار کوڕیژگەکانی گەڕەک سەرو گوێلاکی عارەقخۆرو شەرابخۆرەکانیان دەشکاند، دیومە لەدوای هەڵاتنی ئەوان کوڕیژگە هارو برسییەکانی گەڕەک دەکەوتنە سەر مەزەو نانو کەبابو ئەو خۆراکەی جێدەما. باوکی منو چەند کەسێکی دیکە کەقوماریان دەکردو نەدەچوونە مزگەوتو ئەوەندە ئامادەی پرسەکان نەدەبوون، کەمو زۆر، پیاوی ناو پیاوان نەبوون، دایکم کۆڵێک خەمی پێدەخواردو هەر زوو هەوڵیدا من پیر بکاتو بمکات بەپیاو، هەرزوو منی خستە بەرمەلاو لەشەشی سەرەتایی بووم کە قورئانی پێ (خەتم) کردم، بووم بەمیوانی هەمیشەیی مزگەوت، مەراقی گەورەم ئەوە بوو کە لەمانای ئایەتەکان تێبگەم، بۆئەوەش مێشکی مەلا حەسەنم برد، مامۆستاکانی قوتابخانەو مەلا هەمزەی دراوسێ کە یەکەم کەس بوو وەک مەلایەکی مارکسی لەسەر فیکری کۆمۆنیزم، لێڵو تەماوی، چەند شتێکی فێرکردم، لەنێوان (خوداو مارکس)دا سەرم لێدەشێواو نەمدەزانی کە هەژاری لەسەر زەمین دەستکردی مرۆڤەو شەڕی چینەکانە لەبەرامبەر یەکدیداو دامەزراندنی یوتۆپیاو بەهەشتە لێرەو نەک لەئاسمان، یان مەلا حەسەن ڕاست دەکا کە خودا خۆی نانو تفاقو ژیان دابەش دەکات، چەندە گران بوو بۆ مێردمنداڵێکی تەمەن دوازدە ساڵ هەر لەو تەمەنە بکەوێتە ناو پرسیارو گومانە قەبەکان. مەلا هەمزە کتێبە قەبەکانی مارکسو لینین -ی پیشان دەدام، یەکەمین ڕۆمان بەناوی (نێچیر) کە هی (ئەمیل زۆلا) بوو لای مەلا هەمزە دەستم کەوت، لەولاوە مەلا حەسەن کتێبە زەردەکانی دەلاقەکانی مزگەوتی لا خۆشەویست دەکردم، ئاە.. لەو گەشتە گرانەی نێوان ئیمانو گومان.. چ هەڵڕزانو چ پیربوونێکی زوو بوو.. پشت لەیاریو گەمەو دڵداریو.. هەموو خۆشیو خەنینی دونیا.. چ لەتبوونو چ خامۆشیو تێرامانێک..!!

ئاخر ماڵی پڕ لەئاژاوەو برسیەتیو نەگەیشتن بەهیچ لەشارێکدا گەر ئەو دوو سینەمایەی تێدا نەبوایە پتر لەبیابان دەچوو.. منو ژمارەیەک لەهاوڕێکانم هیچمان نەبوو.. بیرمە بەدەیەها کوڕیژگە دەچوونە قەسابخانەو سەگو توولەو تانجیو پشیلەیان پەتک دەکردو سواری کەرە پشت زامدارو شەلەکان دەبوونو دونیایان پڕ دەکرد لەهەراو جنێوو جرت لێدانو تفو وەڕینی سەگەکانو میاوە میاوی پشیلە لەڕو کوێرەکان.. مەسەلەکە نە مەلا حەسەنو نە مەلا هەمزەو نە مارکسو نە پێغەمبەرەکان بوو.. مەسەلە ئەوە بوو یەکێک هەبێتو پێمان بڵێت ئەم جەهەننەمەی کە تیایدا دەژین دەستکردی خودایە یان خەڵکێکە، هەمیشە پرسیارەکانی منداڵەکانیش بەقەد هی فەیلەسووفەکان قورسن، هەمیشە گەورەکان خۆیان دەشاردەوە لەوەڵامی پرسیارەکانمان، هەمیشە.. هەمیشە وەڵامی درۆو عەمبارە پۆ، هەمیشە خامۆشیو کەڕو لاڵبوون لەو رۆژگارەدا خۆشەویستی دەکردی، بێدەنگی تا ئاستی مەرگ سەنگینی دەکردی، پرسیاری سەرە خۆرەو نابەجێو ناوەخت کە وەڵامەکەی گەڕانو سوڕانو سەفەری زۆری دەویست بەناو کتێبەکانو عەقڵەکاندا ناشیرینی دەکردیت، فەلسەفەی پەروەردە چ لەماڵو چ لەمەکتەبو چ لەمزگەوتدا لەسەر کوشتنی پرسیارو گومان بناغەو پایەکانی دامەزرا بوو. دەبوو ئەو پرسیارانە بکەیت کە وەڵامی ئامادەو سازو سەلامەتی گەڕەکە، کەلتوورێکە کەفێرت دەکات هەر لەمنداڵییەوە ئەو پرسیارانە بکەیت کە هەرگیز وەڵامەکانی مەترسی بۆ هیچ کەسو لایەنێک تێدا نەبێت، هەر لەوساوە تا هەنووکە سێکوچکەی حەرام هەبووەو هەیە کەسێ کێڵگەی بە مین - لوغم - ڕێژ کراون وا چاکە هەرگیز پێی تێنەخەیت: (سیاسەتو ئایینو سێکسە). هەڵبەتە کاری نووسینو بیرکردنەوەش، فیکرو فەلسەفەو هونەرو ئەدەبو دەروونناسیو کۆمەڵناسی کایەکردنو کارکردنە دەنێو ئەو سێکوچکە حەرامەی سەرەوە، عەقڵی خامۆش توخنی ناکەوێت، عەقڵی هارو نەسرەوتو گومانکار هیچ حەرامێک ناناسێتو هەموو پرسیارەکان بەڕەوا دەزانێت. سوپاس بۆ یەکەمین کەسو یەکەمین کتێبو یەکەمین فیلمو یەکەمین سەفەرو یەکەمین زانو یەکەمین مەرگ کە فێری پرسیارکردنی کردین..!

**ڕەخنەی چاودێر:** لەکۆی بەرهەمەکانتا ژن پانتاییەکی فراوانی داگیرکردووە، چ لەئەدەبی تۆوچ لەواقیعدا پێکەوە، خودی ئەو کولتوورە هەر هەموو پایەکانی لەسەر پیاو سالاری وەستاوە، سەرباری ئەوە ئایین لەو ئاستەنگەدا چ کاریگەرییەکی دیکەی لەسەر ئەم کەلتوورەی ئێمە هەبووە؟

**شێرزاد حەسەن:** لەسەر ئەم زەمینە بەتەنها لەتوخمی مرۆڤ - دا جگە لەنێرو مێ چیدیکەمان هەیە، بەگەڕانەوە بۆ سروشتو ناو گەردوونی گەورە، لەگەردیلەیەکەوەی تا گەورەترین گیانداری نێو زەریاکانو سەر وشکانی، دوو جەمسەرمان هەیە، دوو ڕەگەز. نووسەر وەک مرۆڤ لەهاو ڕەگەزو هاوتوخمەکانی خۆیەوە نزیکترە، لەوەش نزیکترو ئاشناترو وردبوونەوەیە لەو پەیوەندییەی نێوان مێو نێر، نە ئاژەڵەکانو نە رووەکەکانو نە ئەستێرەکان لەسەر یەکدی نانووسن، لەوەتەی مرۆڤ قۆناغی ئاژەڵی بوونی، یان بەدیوە "داروین"ەکەی قۆناغی بەمەیموون بوونی خۆی تێپەڕاندووە، لەمیانەی ئاڵوگۆڕی ملیۆنەها ساڵەوە، هەوڵیداوە گوزارشت لەخۆیو بەرامبەرەکەی بکات، چ بەڕەسمو چ بەسەماو چ بەزمانێکی سادەو چ ئاڵۆزو تێکچڕژاو. تۆ هەمیشە لەنێو ئەم پەیوەندییە ئاڵۆزەدا گەورە دەبیتو دەرسکێیت، هەمیشە لەبەرکەوتنو پێکەوە ژیاندا لەگەڵ ئەوانی دیکەدا، چ مێ بنو چ نێر، خۆت دەناسیت، لەئەفسانەکانەوە بیگرە تا دوا ڕۆمان کە ئەمڕۆ یەکێک لێرە یان لەوێندەرێ دەینووسێت قسەکردنەو درکاندنی ئەو هەموو رازو نیازو نهێنیو پەیوەندییە زۆر ئاڵۆزی نێوان مرۆڤەکانە، بەتایبەتی نێرو مێ، کە لەسەر زەمین شاراوەترینو پڕ گرێو گواڵی یەکجار گەورەیە. بەگەڕانەوە بۆ ئەفسانەکان مرۆڤ خولیاو خەونی گەڕانو سوڕانی هەبووە بۆ دۆزینەوەی وەڵامی پرسیارە هەرە زۆرو سەرخۆرەکانی سەبارەت بە هەموو ئەو دیاردانەی سروشت کە گەمارۆیان دابوو، بەڵام هەمیشە گەڕان بەدوای خۆیدا، وەک نهێنییەکی گەورە، سەنتەرو چەقی هەر هەموو هەقایەتو ئەفسانەکان بووە. بەگەڕانەوە بۆ کتێبە ئاسمانییەکان چیرۆکی ئادەمو حەوامان دەست دەکەوێت کە نوقمە لەناو فانتازیاو ڕەهەندێکی قووڵو ئەفسانەیی کە بەدەر نییە لەرۆحی جوانناسی، هەر هەمان چیرۆکی

> **لەم چەرخەدا هاوارێکی بڵند هەیە کە ژنو پیاوە یەکسانیخوازەکان لەجۆرەها کەناڵەوە گوزارشت لەکۆی میراتی فیکریو ئەخلاقیو هەر هەموو کایە رامیاریو ئابووریو کۆمەڵایەتییەکان دەکەن، کەتیایدا بەتەنها پیاو خوداو ئاغاو سەردارو خولقێنەری ئەو میراتە بووە، پیاو بکەر بووەو توانیویەتی خودی ئافرەت لەو مێژووەوە دەربنێت**

ئادەمو حەوا دەنێو تۆمارە بەجێماوەکانی سۆمەرییەکانو بابلییەکاندا دەدۆزینەوە، دەنێو سەرەتای فیکری یۆنانی - داو بەگەڕانەوە بۆ ئەفسانە هیندییەکان، بەشێوەو دەرکەوتەی جیا، هەر هەمان حەکایەتی ئادەمو حەوا-یە، مێو نێرە. کە تۆ لەئەدەبی تازە نزیک دەبیتەوە، بەتایبەتی ئەدەبی داستان: چیرۆکو ڕۆمان کە دوو ژانری لەدایکبووی سەردەمێکی تازەن، بێ قسەکردنو هەڵکۆڵین، بەهەموو هێزە فیکریو هونەریو زمانەوانی خۆتەوە، دوا هەوڵت ئەوەیە شتێکی تازە، هەرێمێکو جوگرافیایەکی تازە دەنێو ئەو پەیوەندییەدا بدۆزیتەوە، ئێمە هەر لەبەرئەوەشە بەردەوام دەخوێنینەوە تاوەکو پتر لەهەموو ئەو ڕۆحە داپۆشراوەی خۆمان نهێنیو حەقیقەتو خەیاڵێکی دیکەمان دەست بکەوێت بۆ ناسینی خۆمانو ئەویدیکە.

مرۆڤ گەر لەخانەیەکی زیندووەوە داکەوتبێتو دەنێو خۆڵو ئاووهەوای ئەم ئەستێرەیە رسکا بێت یان فەرزەندی ئادەمو حەوا یەک بێت بەدیدە ئاسمانییەکەی، لەکرمەوە بێت یان گیاندارێکی مەیموون ئاسا، لەهەر حاڵێکدا بێت، زانستو ئایین، چەندە لەهەندێک خاڵو مەودای روانیندا یەکبگرنەوە، بەڵام هەمیشەو بەتایبەتی لەهەنووکەدا، لەدوڕیانێکدا جیا دەبنەوە، لەنێوان ئایینو زانستدا، ئەدەب، بەمانا هاوچەرخەکەی، هەر هەموو بۆچوونو ڕۆحی کارکردنی رەها گەرییەکانی ناو ئایینو زانست دەخاتە ژێر پرسیارو گومانەوە، کەرەستەکانی ئایینو زانستە سروشتیو رووتەکان بۆ وردبوونەوە لەمرۆڤو خوێندنەوەی لەکەرەستەو ئامرازو زمانی ئەدەب جیاوازن. بەدرێژایی مێژوو ئایینو زانست، لەقۆناغو بەزمانو شێوەی جیاواز کاریان لەناو (یەقین) دا کردووە، یەقین دەنێو ئایین - دا تەمەنی تا ئەمڕۆکەش درێژ بۆتەوە، لەزانستدا یەقینەکان دادەمەزرێنو لەگەڵ هاتنو سەرهەڵدانی عەقڵی تازە، دەنێو لابورەو تاقیگا تازەکاندا، یەقینەکان جێگۆڕکێ بەیەکدی دەکەنو یەکدی هەڵدەوەشێننەوە، جیاوازی گەورەی عەقڵی زانست پەروەر بڕوای بەو یەقینە نەماوە کە دەبێتە مایەی داخستنی عەقڵو پەککەوتنی، وەلێ لەناو ئایندا، بەچڕیش دەنێو ئاینی ئیسلامیدا، یەقینێکو دۆگمایەک تا ئەمڕۆکە کاردەکات کە هەمیشە دەگەڕێتەوە ناو دەقە پیرۆزەکان، لەبری کارکردن دەنێو خودی سروشتو ژیان بەهەموو ئەو ئاڵۆزیانەی کەسەردەمێکی تازە هێناویەتیەتە پێشەوە. گومان لەوەدا نییە کە چۆن ئەفسانەکان سەرەتای زمانپژانو تێڕامانی مرۆڤە لەسروشتو خۆیو هەر هەموو گەردوون، سەرەتای مەعریفەتێکە بۆ گەڕان بەدوای هەر هەموو ئەو پرسیارانەی لەسەردەمەکانی زووداو بەرلە (تۆمارەکانی مێژوو) خولیاو جێ مەراقی ئادەمیزاد بووە، بەهەمان ئەندازە ئاینە ئاسمانییەکانیش هەر درێژکراوەی هەمان مەراقو خولیاو گەڕانە بۆ گەیشتن بەو سەرەتایەی کە مرۆڤ چی بووەو لەچی داکەوتووە، لەکوێوە هاتووە؟ بەکورتی پرسیاری بوونو نەبوون، سەرەتاو کۆتایی، خەیاڵو حەقیقەت، خێرو شەڕ.. لەتەک هەر هەموو خەسڵەتە کۆکو دژوارەکانی ناو ڕۆحی مرۆڤ خۆی، مرۆڤ لەبەرامبەر مرۆڤدا، مرۆڤ لەبەردەم سروشتو لەبەردەم ئاسماندا.. هەر هەمووی پرسیارگەلێکی زۆر کە لەئەفسانەکانو داستانەکانەوە سەفەریان کردووەو بەناو ئایینو زانستو فیکرو هونەرو ئەدەبدا تا هەنووکەشی لەگەڵدا بێت زەریایەک لەوەڵامی جیاوازو ناکۆکمان دەست دەکەوێت، دەنێو ئەو هەموو هەڵاو هەنگامەیەدا پەیوەندی زۆر دڕکاویو ئاڵۆزی مێو نێرە، زانستی دەروونناسیو کۆمەڵناسیو سێکسۆلۆژی بەقەرزکردن لەهەردوو زانستەکەی پێشووتر لەئاڵۆزیەکانی نهێنی ئەو پەیوەندییە نایەکسانو ناجێگیرەی مێو نێردا کۆمەکمان دەکەن.

نکوڵی لەوەش ناکرێت کەهەر هەموو ئەو یاساو رێسایانەی کە تابلۆیەکی گشتیو نەخشەی ئەو پەیوەندییەی نێوان مێو نێر دەخاتە بەردەستمان، تابلۆیەکی نارێکەو خودی نەخشەکەش دەستکردی پیاو بووە بەدرێژایی هەزاران ساڵ. بزافە فێمینیستییەکان بەهەر هەموو باڵەکانییەوە، بەتایبەتی لیبراڵخوازەکانو رادیکاڵەکان هەر هەموو فیکرو زانستو هونەرو ئەدەبو ئایین دەخەنە ژێر پرسیارەوە، گومان لەهەموو شفرەو کۆدو مانا ئاشکراو پەنهانەکانی زمان دەکەن، لەم چەرخەدا هاوارێکی بڵند هەیە کە ژنو پیاوە یەکسانیخوازەکان لەجۆرەها کەناڵەوە گوزارشت لەکۆی میراتی فیکریو ئەخلاقیو هەر هەموو کایە رامیاریو ئابووریو کۆمەڵایەتییەکان دەکەن، کەتیایدا بەتەنها پیاو خوداو ئاغاو سەردارو خولقێنەری ئەو میراتە بووە، پیاو بکەر بووەو توانیویەتی خودی ئافرەت لەو مێژووەوە دەربنێت.

لێرەدا (ئایین) بەهەموو دەزگا مادیو رۆحییەکانی خۆیەوە کە یەکێک بووە لەسەرچاوە هەرە سەرەکییەکانی رەوشتو نەخشەدانان بۆ رێکخستنی پەیوەندی نێوان مێو نێر پشکی شێری بەردەکەوێت لەگەمەی سەرخستنی دەستەڵاتی نێر بەسەر مێ -دا. ژمارەیەک لەباسکارەکانی سەرەتای تێکشکانی دایکسالاری لەبەردەم هێرشی باوکسالاری دەگەڕێننەوە بۆ پێنج تا دە هەزار ساڵ، شوێنەکەش ئیروکانەیە، بەواتا میزۆپۆتامیا.

ژمارەیەکی دیکە بڕوایان وایە کە بەدرێژایی مێژوو قۆناغێک نەبووە بەناوی قۆناغی دایکسالاری. لەکتێبەکەی "موساو یەکتاپەرستی"ی (فرۆید) نێرفوزەیەکی دەستەجەمعی کە بەترس لەباوکەوە دەست پێدەکاتو دواجار بەترس لەخودا کۆتایی دێت، گومانی گەورەی فێمینیستەکان لەو زمانەیە کە هی نێرینەو هەر هەموو میراتی فیکریو ئایینی پێ نووسراوەتەوە، خودی کتێبە ئاسمانییەکان جێگەی ئەو پرسیارەیە کە یەزدان خۆی دەنێو ئەو زمانەدا دەژی چ رەگەزێکە؟ زاڵبوونی ڕۆحی نێرینەو قسەکردن لەسودو حەزو بەرژەوەندی نێرینە، کارەکتەرەکانی ناو هەقایەتە ئایینەکان هەر هەمووی دەمانگێڕنەوە بۆ رەسمکردنی قۆناغێک کە تیایدا پیاو فەرمانڕەوا بووە، هەڵبەتە پەیوەندییە ئابوورییەکانو شێوەی بەرهەمهێنان راستەوخۆ گەمە بەهەموو هەڵقەو بازنەکانو تۆڕو رایەڵەکان دەکات لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتیو فەرهەنگی، دابو نەریتو نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان لەقۆناغی راوشکاریو شوانکارەییو کشاوەرزیو بازرگانیو پیشەسازیدا هەر هەمان دابو نەریت نییە، هەر بۆ نموونە: زەماوەندو هاوسەرگیری بەپێی قۆناغەکانو دەنێو میللەتانی جیاوازو پەرتو بڵاودا پێکهاتەو شێوەی رەنگاورەنگی وەرگرتووە، هەر لەبەرئەوەشە کەسەرەتای تۆماری مێژوو چ بۆ ئەفسانەکانو چ بۆ ئایین زمانی زاڵی نێرینەیە، ئەوەش سەیر نییە گەر بسەلمێنن کە ئایین بۆ خۆی دەنێو جموجۆڵی مێژوویەکی دیاردا کاری کردووەو ناکرێت لەو هەموو پەیوەندییە ئاڵۆزەی بوارەکانی ئابووریو کۆمەڵایەتی دابڕی بکەین، مارکس بڕوای وایە کە "ئایین لەڕێگەی زمانێکی سادەوە قسە لەگەڵ عەقڵێکی سادە دەکات". دەنێو ئایین - دا هەمیشە دواندنی منداڵێک پێویستە کە ئامادەیە بترسێتو سەرسام بێتو هێزی ئایین لەوەدا نییە بایی چەند گەمە لەناو لایەنی عەقڵانی دەکات، بەڵکو بەوە گرەو دەباتەوە کە قسە لەگەڵ ئەو منداڵە سیحرلێکراوە بکات کەواز لەپرسیارو گومانی زۆر بهێنێتو ملکەچی ئەو دیدگا رەها - موتڵەقگەرایە - بێت کە هەموو حیکمەتەکانو موعجیزەکان بگەڕێنینەوە بۆ ئاسمان، ئەوەی پتر سەرنجی من رادەکێشێت سەردەستەییو زاڵبوونی نێرینە نییە لە هەموو ئەو گەمەیەدا کە هەرهەموو پایە ئەخلاقییەکانی کۆمەڵگای ئێمەی لەسەر وەستاون، گرانترین بەشو برگە لەو ناهاوسانگیو ستەمو چەوسانەوەیە بەر ئافرەتان کەوتووەو بەجۆرێک مەشقو راهێنانیان لەسەر کراوە کە ژمارەیەکی زۆر، بەملیۆنەها، بڕوایان وا بێت کە ئەوە زەمانو کولتوورو فۆرمە کۆمەڵایەتیەکان نین کە ئەو ستەمو چەوسانەوەیەی دروستکردووە، بەڵکو وەک حەقیقەتێکی رەهاو پیرۆز دەڕواننە هەر هەموو یاساو رێساکانی شێوەو ناوەڕۆکی پەیوەندییە ئینسانییەکان. هەر لەبەرئەوە لەم برگەیەدا گومانکردن لەو میراتە فیکریو ئەخلاقییەی کە پیاو تیایدا خاوەن زمانی نێرینەییو سود پەرستو خۆپەرست بووە، جێگەی تێڕامانو وردبوونەوەی من بووە لەمیانەی کاری ئەدەبدا، نوشوستیو سەرکەوتنو هەڵەو تێگەیشتنم بەچاک یان خەراپ کاری خوێندەوارەکانە نەک بڕیاری من، خەراپترین کاریش چ لەناو ژیانو زیندەگیو چ دەنێو فیکرو ئەدەبدا، بۆ من، قۆرغکردنی حەقیقەتە بۆ تاکە کەسو تاکە روانینێک، چونکە دەکرێت دوو کەس شەڕ لەسەر دوو حەقیقەت بکەن، دوو دیدی جیاوازیان هەبێت، کەچی حەقیقەت بۆ خۆی لەشوێنێکی دیکە بێت، گرفتی ئایینو سیاسەت وەک دوو پانتایی گەورەی مەعریفە کاریان لەسەر بەرهەمهێنانی جۆرێکە یان جۆرەها ئایدیۆلۆژیایە کە بە (بەستەڵەکو شەختە بەندی عەقڵیو عەقیدەیی) کۆتایی دێت، هەردووکیان کار لەناو بیروبۆچوونو چەمکە رەهاکاندا دەکەن، هەربۆیە ئایینو سیاسەت، دەست لەناو دەست، لەدەورانو مێژووی جیاجیادا، چ لەرۆژهەڵاتو رۆژئاوادا، بەحوکمی سەراپاگیریو تۆتالیتاریانیزم - شمولی- کۆتایی هاتووە.. بەکوشتارگاو زەریای خوێن..!

پیاو، لەرۆژانی ئەشکەوتەوە تا هەنووکە وازی لەرۆحی ڕاوچییانەو جەنگخوازانەی خۆی نەهێناوە، هێشتا ڕۆحی جەنگاوەرێکی خوێنخۆرو ڕاوکەرێکی هەمیشە تینوو بەخوێنی نێچیرەکانی خۆی سەرمەستی دەکاو خەریکی خاپوورکردنی خۆی سروشتە بەهەموو رەگەزەکانییەوە، یەکێک لەو رەگەزە هەرە بەتەمەنو زیندووانە ڕۆحی مێینەیە، بەمانا هەرە جوانو ئاشتییەوانەکەی، کە لەتەک گیاو مەلو ماسیدا جوانترینو نزیکترینە لەرۆحی جاویدانەگی سروشت. لەکۆتایی سەدەی بیستەمو سەرەتای سەدەی بیستو یەکدا قۆناغێکی تازەو ترازاو بەگواستنەوەیەک بۆ وردبونەوە لەو مەترسییە هاتۆتە پێشێ لەفیکری ژنانو پیاوانی مرۆڤ دۆست کە بەتەواو هەست بەرۆحی کەڵەگایی نێرینە دەکرێتو مەترسی کوژانەوەی ئەم ئەستێرەی خۆمان سەر باسەو لەوەش ترسناکتر پەیوەندی نارێکی ئەو دوو رەگەزەیە کە تا هەنووکە جەنجاڵو پڕ کێشەو گرفتە، بەر لەوەی لەناو سروشت بێینە دەرەوە دەکرێت باس لەدۆخێکی جوانو هارمۆنی بکەین، گەرچی خودی سروشت بێبەریو دوور نییە لەرۆحی توندوتیژی، دیسانەوە گومانکردن لەعەقڵو شارستانیەتو بەرهەمەکانی ئاوەز.. تازە ناتوانین بگەڕێینەوە ناو ئەشکەوتەکانو دارستانەکان، ناتوانین بگەڕێینەوە بەهەشتو وەک دوو فریشتەی ئاسمانی بژین.. چار نییەو تازە پابەندین بەشارە پڕ لەدووکەڵو ئاسنو کۆنکریتەکان. دەنێو ئەم دڵەڕاوکێو پرسیارو گومانو نیگەرانییەدا ئەدەبو هونەر بەتەواوی گوزاشت لەو گیرۆدەبوونە دەکات کە مرۆڤ، بەمێو نێرەوە، تێوەی گلاون. ئەم ئەرکەش بەوە پێک نایەت کە وەڵامی ئامادەمان بۆ ئەو هەموو گرفتە هەبێت، بەڵکو ئەدەب پانتاییەکی گەورەترە بۆ وروژاندنی پرسیارو گومانی گەورەتر. لێمان ناگەڕێت ئارامو ئاسوودە لەتەک حەقیقەتو یەقینەکانی ناو زانستو ئایینو سیاسەتدا خەوی خۆشمان لێ بکەوێت■



شێرزاد حەسەن ساڵی ١٩٧٤ هەولێر